## ئاستەنگی پەیبردنی بیستن (صعوبه بالادراك البصری):

- بریتییە لە توانای شرۆڤەکردنی ژینگەی دەوروبەر لە میانی شرۆڤەکردنی زانیارییەکان لە رێگەی هەستی بینینەوە. چونکە ئەو کەسەی ئاستەنگی لە چارەسەرکردنی ورووژێنەرە بینراوەکاندا هەیە، ئەم ئاستەنگانەی خوارەوەیشی لا دەردەکەوێت:
  - ئاستەنگی لە تێگەیشتنی رێنماییەکان.
  - ئاستەنگی لە پەیبردن بە وشەکان.
  - ئاستەنگی لە جیاکردنەوەی نێوان ئاراستەکان.
  - ئاستەنگی لە وەبیرهاتنەوەدا.

- ئەم ئاستەنگەش دابەش دەبن بۆ ئەمانەی خوارەوە:

1. پەیبردنو درکپێکردنی بینینی شێوەکان:

- بریتییە لە توانای منداڵ لە ناسینی شێوە بە بێ لەبەرچاوگرتنی رەنگ، یان قەبارە.

1. جیاکردنەوەی بینینی شێوەو پاشخانەکەی:

- ئەمەشیان توانای منداڵە لە جەختکردنەوەی لە سەر شتێکی دیاریکراو لەگەڵ پشتگوێخستنی هەموو ورووژێنەرەکانی دیکە کە پەیوەندییان لەگەڵ بابەتەکەدا نییە.

- لێرەدا منداڵەکە بە دەست 3 کێشەوە دەناڵێنێت لە کاتی خوێندنەوەدا:
  - ئاستەنگی جیاکردنەوەی نێوان پیتە وێکچووەکان لە شێوەدا، وەکو (ن ، ت) (ب ، پ).
  - ئاستەنگی جیاکردنەوەی نێوان وشە هاوشێوەکان، وەکو (ژان ، ران).
  - ئاستەنگی لە هاوتاکردنی قەبارەو شێوەو شتەکانیش.
- بۆیە پێویستە چالاکیی پیادەکارییان پێ بدرێت بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە.

1.داخستنی بینین (الاغلاق البصری):

- توانای منداڵه له سه‌ر په‌یبردن‌و درکپێکردنی شێوه‌ی گشتی، کاتێك ته‌نها چه‌ند به‌شێکی دیاریکراوی شێوه‌که‌ ده‌رده‌که‌وێت.
- له‌ کاتی خوێندنه‌وه‌دا کێشه‌که‌ی بۆ ده‌رده‌که‌وێت، ئه‌وه‌ش له‌ بێتوانایی له‌ ته‌واوکردنی وشه‌که‌و هه‌ڵبژاردنی پیته‌ ناته‌واوه‌کانی‌و نه‌توانینی کۆکردنه‌وه‌ی وشه‌یه‌ك، یان سڕینه‌وه‌ی پیتێك‌و کۆکردنه‌وه‌ی وشه‌کانی دیکه‌.

1.یادگەی بینین (الذاكرة البصرية):

- تواناى تاكە لە سەر عەمباركردنىو گەڕاندنەوەى ئەو زانيارييانەى، يان وێنانەى پێشتر بينيويەتى وەكو وەبيرهاتنەوەى شوێنى شتەكان. (أ ب ت پ ج) پيشاندانى بۆ ماوەى 3 خولەكو پاشان شاردنەوەىو ئينجا داواى ئەوەى لىٚ بكرێت شوێنى پيتەكان بەپێى شوێنى پێشوويان كە بينيبوويانى ريزبەند بكاتەوە، (ئەوەى لا زەحمەت دەبێت).

**1. جیاکردنەوەی بینین (التمییز البصری):**

- توانای منداڵە لە سەر تێبینی کردنی هاوشێوەییو جیاوازیی نێوان شێوەکانو پیتەکانو ژمارەکان، ئەمەش ئەرکێکە بۆ ئەنجامدانی چالاکیی هاوتاکردن، وەکو:
- پیشاندانو خستنەڕووی وێنەی ڕەنگاڕەنگی شتەکان بۆ منداڵ، پاشان پیشاندانی وێنەی بەبێ ڕەنگ، ئینجا داوای لێ بکرێت شێوە هاوشێوەکان لەگەڵ یەکتریدا جووتو هاوتا بکات.

## 1.پەیوەندیی شوێنەکی (العلاقة المكانية):

- توانای مندالّ لە ناسینی پەیوەندییە شوێنییەکانی نێوان خۆیو نێوان شتەکانی دەوروبەری، زێدەباری پەیوەندیی نێوان شتەکان لەگەلّ یەکتریدا، ئەمەش یارمەتیی تاك دەدات لە پێکهێنانی وێنەی بینراو لە مێشك لە شوێنی شتەکانو ئاراستەکانیان (راستو چەپ، سەرو ژێر، پێشو پاش).
- لە خوێندنەوەدا ئەم کێشەیە لە بێتوانایی لە دەستنیشانکردنی ئەو وشەیەی لە کاتی خوێندنەوە لە سەری راوەستابوو دەردەخات.
-

1. **تواناى شيكردنەوەو پێكەوەنانى بينين (القدرة على التحليل والتركيب البصري):**

- بە واتاى تواناى مندالٚ دێت لە سەر جياكردنەوەى نێوان بەش‌و گشت، وەكو زانينى ئەو پيتانەى وشەيەكى دياريكراويان لىٚ پێكدێت.
-

1. **تێڕامانى بينين (التصور البصرى):**

- تواناى تاكە لە بونيادنانى وێنەيەكى هزرى بە پشتبەستن بەو زانيارييانەى وەريانـدەگرێت، لێرەدا مندالٚ تووشى ئاستەنگى خوێندنەوە دەبێت‌و تواناى سوودوەرگرتنى لەو تێڕامانە نابێت. لەبەرئەوەى وێنە هزرييە پێكهاتووەكەى تێكەلٚو روون‌و رەوان نييە.

## 1.ریزبەندکردنی بینین (التتابع البصری):

- تواناى منداڵە لە وەبیرهاتنەوەی ئەو وێنەو پیتانەی کە بینویانێتیو بە شێوەی ڕێکوپێکیش ڕێکیخستوون.
- ئەم کارامەییە گرنگە لە کاتی گواستنەوەی زانیاری لە تەختە سپییەوە بۆ سەر پەڕاو. هەروەها نووسینی بە دەست کە سستیو هێواشی لە نووسیندا هەیە، واتە ئاستەنگی سستی نووسینیشی هەیە.

- **دیاردەکانی ئاستەنگی پەیبردنی بینین (مظاهر صعوبات الادراك البصري):**
- ئاستەنگەکانی جیاکردنەوەی بینینی شێوەکانو پیتەکان/ وشەکانو بڕگەو ڕەنووسەکان.
- ئاستەنگەکانی جیاکردنەوەی نێوان شێوەو زەمینەسازی، یان شێوەو پاشخان.
- ئاستەنگەکانی داخستنی بینین.
- ئاستەنگەکانی پەیبردنی پەیوەندییە شوێنییەکان.
- ئاستەنگەکانی ناسینی شتەکانو پیتەکان.
- ئاستەنگەکانی پەیبردنی پێچەوانەیی شێوە، یان هێما.
- ئاستەنگەکانیی پەیبردنی گشتو بەش (الکل والجزء).
- ئاستەنگەکانی شرۆڤەکردنی ئەوەی قوتابی دەیبینێت.
- ئاستەنگەکانی جیاکردنەوەی پەیوەندیی شتەکان لەگەڵ یەکترو پەیوەندییان پێیەوەی لە ڕێگەی چەسپاو کە شایانی پێشبینی کردن بێت، قوتابی لێرەدا لەوانەیە نەتوانێت مەزەندەی مەودای پێویستی پەڕینەوەی شەقامێك بکات بە ڕێگەیەکی ئاسوودەو ئارام.
- بینینی شتەکان بە شێوەیەکی دووانەیی‌و شێواو، بوونی ئاستەنگ لە بڕیاردان لە سەر قەبارەی شتەکان.

- **ئەو هۆكارانەی كار دەكەنە سەر پەیبردنی هەستەوەری بیستن‌و بینین**
- **(العوامل التي تؤثر على الادراك الحسي (السمعي والبصري):**
- هەندێك هۆكار هەن پەیوەستن بە تایبەتمەندییەكانی ئەو شتەی پەی پێ دەبردرێت‌و ئەو هەلومەرجەی لێیەوە دەردەكەوێت، یان تیایدا دەبێت، دووەمیش تایبەتمەندە بەو هۆكارانە ناوخۆییە "خودی"یانەی گرێدراوی كەسایەتیی تاك‌و مەیل‌و ئارەزووەكانی‌و ئاراستەو پاڵنەرەكانی‌و بایەخ‌و حاڵەتە جەستەیی‌و دەروونییەكانین، وا لە خوارەوەش هەندێكیان روون دەكەینەوە:

- **یەکەم_ هۆکارە بابەتییەکان:**
- ئەو هۆکارانەن گرێدراوی بابەتی دەرەکیی خودن، وەکو شێوە، ڕەنگ، یان توندوتیژی، گرنگترینی ئەو هۆکارانەش ئەمانەی خوارەوەن:

1. **هاوشێوەیی (التشابه) Similarity:** واتە هاوشێوەیی لە نێوان ورووژێنەرەکانی شێوەو ڕەنگو قەبارەو دەنگو ئاوازو تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکان.
2. **نزیکی (التقارب) Proximity:** هەرچەندە نێوان ورووژێنەرەکان لە یەکترییەوە نزیک بن، چ بیستن، یان بینین بن، تاك وەکو کۆمەڵەیەکی نزیك یەکترو لە سنووری هەستەوەرەکانی پەییان پێ دەباتو درکیان پێ دەکات.

1. **داخستن (الانغلاق) Clouse**: تاك پەی بە شتەكانو شێوەكان دەبات لە سەر بنەمای ئەوەی كە هیچ بۆشاییەكیان تێدا نییە، بەڵكو هەموو بەشەكانی بە توندی تەواوكەری یەكترینو پێكەوە گرێدراونو بەستراونەتەوە، وەكو یەكەی بیستن، یان بینینی تەواو.

2. **هاوئاهەنگیو سازان (التناسق) Symmetry**: پەیبردن بە شتەكانو شێوەكانو رەنگەكانو قەبارەكانو دەنگە هاوئاوازەكان ئاسان دەكات، وەكو یەكەیەكی گشتی یەكگرتوو و هاوئاهەنگو رێكوپێك لە یەك سیستەم، وەكو پارچە موزیكێك.

- **به واتای بەدواداچوونی Good Contention بەردەوامێتی (الاستمراریه)** : ورووژێنەرەكانو گرێدانو بەستنەوەیان بە یەكتری لە یەك زنجیرەو سازاندنو رێكخستنیان لە ئاسانەوە بۆ گرانو لە گرانیشەوە بۆ زۆر گرانو ئاڵۆز

1. **دووبارەکردنەوەی وروووژێنەر (تكرار المثير):** کاتێك کەسێك وروووژێنەرەکان زیاتر لە شوێنێكو بە بەردەوامی بە دووبارەکراوەیی دەبینێت، بە شێوەیەکی ئەرێنیانە پەییان پێ دەباتو درکیان پێ دەکات، نموونەی جاڕدانەکانو شێوەکان لە سەر رووبەرێکی گەورە.

2. **قەبارەی ئاگادارکەرەوە "وروووژێنەر" (حجم المنبە- المثير):** هەرچەندە قەبارەی وروووژێنەر گەورەو دیارو دەرکەوتوو بێتو لە وێنەیەکی بەرجەستەو هەستەوەریی بەرزو روونو رەوانو تایبەتیدا بێت، ئەوەندە پەیبردنو درکپێکردنی ئاسان دەبێت.

3. **بەهێزی وروووژێنەر (شدة المثير):** دەبینین وروووژێنەرو ئاگادارییە نوێیەکان بۆ یەکەم جار بە خێرایی دەچنە ناو ئەزموونی کەسێکەوە، نەخاسمە کاتێك سەرنجڕاکێشو بەهێزو ناباو دەبێت.

1. **بابەتی وروووژێنراو (موضوع المثير): هەرچەندە بابەتە وروووژێنراوەکە، ئاگایی تاك و بایەخەکەی بوروووژێنێت، ئەوەندە پەیبردن و درکپێکردنی خێراتر دەبێت.**

- 

- **دووەم- هۆکارە خودییەکان:**

- لەوانەش هۆکارە پاڵنەرییەکان، حاڵەتی هزری و حاڵەتی میزاجی و ئاستی وروووژاندنی ناوخۆیی و مەیل و ئارەزوو و ئاراستەکان

- **ئاستەنگەکانی پەیبردنی جوولەیی (صعوبات الادراك الحركی):**
- ئاستەنگەکانی پەیبردنی جوولەیی زیاترین شێوازی ئەو ئاستەنگانەن کە کاریگەرییان بۆ سەر پەیبردنی منداڵ هەیە بۆ خودی خۆی، ئەوەش لە میانی ئەو بڕیارە هەڵسەنگاندنییانەی کە کارامەییە جوولییەکانی دەریاندەکات، هەروەها ئاستی توانای لە سەر ڕوودانی پشتگیری، یان تەواوکاریی نێوان دیاریکراوەکانی گونجاندنی پەیبردنی جوولەیی، ئاستەنگەکانی گونجاندنی پەیبردنی جوولەییش لە میانی مامەڵەکردنیان لەگەڵ ئەو چالاکییانەی پشت بە تێکڕای ئەو گونجاندنانە دەبەستن دەردەکەون. ئەو چالاکییانەش بە هەمەڕەنگ بوونیان بۆ چوار کۆمەڵە دابەش دەبن:

- ئاستەنگەکانی گونجاندنی پەیبردنی بینینی جوولەیی.
- ئاستەنگەکانی گونجاندنی پەیبردنی بیستنی جوولەیی.
- ئاستەنگەکانی گونجاندنی پەیبردنی بیستن بینینی جوولەیی.
- ئاستەنگە تەواوکارییەکانی نێوان سیستەمە جیاوازەکانی پەیبردنی گشتی.

**لە دیاردەکانی پەیبردنی جوولەیی (من مظاهر الادراك الحركي):**

- ئاستەنگی لە هاوسەنگی (رۆیشتن – راکردن).
- ئاستەنگی لە بەکارهێنانی ماسوولکە وردەکان.
- تێکەڵکردنی ئاراستەکان.
- ئاستەنگی لە هەماهەنگی (التنسيق) بەکارهێنانی دەست لەگەڵ پێ بە پێچەوانەوە.

## پشتگیریی بینینی جوولەیی (التازر البصري الحركي):

- توانای تاکە لە هێنانەدیی گونجان‌و سازانی نێوان زانیارییە بینراوەکان‌و جوولەی بەشە جیاوازەکانی جەستە، کە گرنگن بۆ فێربوونی خوێندنەوە، ئەگەر قوتابی بتوانێت بە وردی سەرنج لە یەك دێڕی ناو دەقێك بدات، هەروەها گرنگ‌و بەرپرسیاریشە دەربارەی جوولەی دەست‌و دیقەتی ئەو جوولەیە لە وێنەکێشان‌و نووسین‌و بە تایبەتیش لە مەزەندەکردنی ئەو مەودایەی کە پەنجەکان تیایدا دەجوولێنەوە.
- هەروەها ئاستەنگ لە بەکارهێنانی ئامرازەکانی خواردن‌و هەڵگرتنی پەرداخ لە کاتی خواردنەوەو ئاستەنگی گرێدانی قەیتانی پێڵاو، یان کۆپیکردنی شێوە ئەندازەییەکان‌و وێنەکێشان لە ناو رووبەرێکی بچووك. یان داکوتینی بزمار بە چاکوچ، یاخود رەتکردنی دەرزی بە کونی زەنگیانەدا.
-

## ❖ ئاستەنگی پشتگیریی جوولەیی (صعوبه التازر الحرکی):

- یەکێکە لە ئاستەنگە تایبەتەکانی لایەنی جوولەییو گونجاندنو هاوسەنگیی لە جوولە وردەکان. هەروەها کار دەکاتە سەر کارامەییەکانی نووسینی دەستیو پەیوەندیکردن بە نووسین.
- نیشانەکانی ئاستەنگی پشتگیریی جوولەیی (اعراض صعوبات التأزر الحركي):

---

1. ئاستەنگی لە بەکارهێنانی ئامرازەکانی خوانو هەڵگرتنی پەرداخ لە کاتی ئاو خواردنەوە.
2. ئاستەنگی لە ئەنجامدانی ئەو چالاکییەی کە پشت بە کارامەییە جوولەییە وردەکان دەبەستێت، وەکو بەستنەوەی قەیتای پێڵاو و قایمکردنی قۆپچەی کراسو جلوبەرگ.
3. ئاستەنگی لە ئەنجامدانی ئەو چالاکییانەی پشت بە کارامەییە جوولەییە ئاساییەکان دەبەستن وەکو (ڕۆیشتن، بازدان، لێخوڕینی پایسکلو..تاد).
4. لاوازی هەستکردن بە ئاراستەکان.
5. دواکەوتن لە ئاخاوتن.

- **چارەسەرکردنی ئاستەنگی پشتگیریی جوولەیی (علاج صعوبة التازر الحركي):**
- بەرنامەیەکی چارەسەرکردنی ئاستەنگەکانی پشتگیریی جوولەیی گەشەیینییە کە ناسراوبێت، بە جۆرێك کە دەستیۆەردانی پێشوەختە دەکرێت کارامەییە جوولەییە وردەکان چاکتر بکات، وەکو نووسینی دەستیو بەستنەوەی قەیتانی پێڵاو و کارامەییە ئاساییەکانی وەکو: هاویشتنی تۆپو گرتنەوەی.
- هەروەها ئەو کەسانەی بە دەست ئاستەنگەکانی پشتگیریی جوولەیی گەشەییەوە دەناڵێنن سوود لە هەڵسوکەوتە دووبارەکراوەکانی ئەرکە جوولەییە سادەکان وەردەگرنو پاشانیش هەڵکشان بەرەو ئەنجامدانی چالاکییە ئاڵۆزەکان، هەروەها هاندانی ئەنجامدانی چالاکیی جەستەیی سادەش بۆ ئەو کەسانە، وایان لێ دەکات پشتگیریی جوولەییان پەرەپێبدەنو متمانەیان بە خۆیان باشتر بێتو لە سەر سەرپەرشتیارانیشیان پێویستە لە داواکردنی یارمەتیو وەرگرتنی بڕیاری پێویست دوانەکەوێت، ئەگەر گومانی کرد منداڵەکەی بە دەست ئاستەنگەکانی فێربوونەوە دەناڵێنێت.